# یاسای رەگەزنامەی عێراقی ژمارە/ 26 ساڵی 2006

## هۆکارەکانی پێویست بووني

به مەبەستی دابین کردنی دارایی پێویست بۆ پۆشینی خەرجیی دراو له یەدەکی کتوپڕ و لەبەر ئەوەی که ئەو ڕێژەیەی له یاسای کارگێڕی دارایی دا دیاری کراوه له 5% تێناپەڕێت و بۆ بەدەست هێنانی بەڵگەی یاسایی بۆ زیادکردنی ئەو ڕێژەیه بۆ 10% ی ئەم یاسایه دەرکرا.

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی سەرۆکایەتي

لەبەر کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی هاتوو له ماددەی سی و حەوت له یاسای کارگێڕی دەوڵەتی عێراقی له قۆناغی گواستنەوەدا و پشت بەست به ئەحکامی هەر دوو بڕگەی (أ – ب) له مادەی سی و سێ له یاسای کارگێڕی دەوڵەت ئەم یاسایه دەرچووە:

ژمارە/ 26 ساڵی 2006

یاسای رەگەزنامەی عێراقي

مادەي/ 1

ئەم دەربڕینانه که له خوارەوە هاتوون بۆ مەبەستی ئەم یاسایه ئەو واتایانه دەگرێتەوە که لەبەرامبەریاندا نیشان دراوە:

أ - وەزیر – وەزیری ناوخۆ
ب -عێراقی – ئەو کەسەی رەگەزنامەی عێراقی هەیه
جـ - تەمەنی پێ گەیشتن( روشد ) – هەژدە ساڵی تەواو بەپێی رۆژمێری زاییني.

مادەي/ 2

به رەگەزنامه عێراقی دائەنرێ هەر کەسێك که رەگەزنامەی عێراقی دەست کەوتبێ بەپێی ئەحکامی یاسای رەگەزنامەی عێراقی ژمارە/ 42 ساڵی 1924 هەڵوەشاوە و یاسای رەگەزنامەی عێراقی ژمارە/ 43 ساڵی 1963 و یاسای پێدانی رەگەزنامەی عێراقی بۆ عەرەب ژمارە/ 5 ساڵی 1975 و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڵوەشاو (تایبەت به پێدانی رەگەزنامەی عێراق).

مادەي/ 3

به عێراقی دادەنرێت

أ - هەر کەس له دایك بووبێت له باوکێکی عێراقی یا دایکێکی عێراقي.
ب -هەرکەس لەدایك بووبێت له عێراقدا لەدایك و باوکێکی و ئەو مناڵه دۆزراوەیەی لەعێراقدا ئەدۆزرێتەوە وە تیایدا لەدایك بووە و ئەگەر بەڵگەیەکی به پێچەوانه نەبێ.

مادەي/ 4

وەزیر بۆی هەیە بە عێراقی دابنێت ئەو کەسەی لە دەرەوەی عێراقدا لەدایك دەبێت لە دایکێکی عێراقی و باوکێکی نەناسراو یا باوکێکی بێ رەگەزنامە ئەگەر داوای بکات لە ماوەی ساڵێکدا لە بەرواری گەیشتنی بە تەمەنی یاسایی مەگەر بارودۆخێکی سەخت رێگر بێت لە داواکردنەکەی بە مەرجێ نیشتەجێی عێراق بێت کاتی پێشکەش کردنی داواکاریی بەدەست هێنانی رەگەزنامەی عێراقي.

مادەي/ 5

وەزیر بۆی هەیە بەعێراقی دابنێت ئەو کەسەی لەعێراقدا لەدایك بووبێت و بگاتە تەمەنی یاسایی تیایدا لە باوکێك کە عێراقی نەبێت بەڵام ئەویش لەعێراقدا لەدایك بووبێت وە بە شێوەیەکی ئاسایی نیشتەجێ بووبێت تیایدا کاتی لە دایك بوونی منداڵەکەی بە مەرجێ ئەو کەسە داواکاری پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی رەگەزنامەی عێراقي.

مادەي/ 6

یەکەم: وەزیر بۆی هەیە رەگەزنامە وەرگرتنی کەسی نا عێراقیپەسەند بکات لەکاتی بوونی ئەم مەرجانەی لای خوارەوە:-

أ - گەیشتبێتە تەمەنی پێگەیشتن.
ب -بەشێوەیەکی یاسایی هاتبێتە عێراقەوە و نیشتەجێ بێت کاتی پێشکەش کردنی داوای وەرگرتنی رەگەزنامە جگە لەوانەی کە لەعێراقدا لەدایك بوون و نیشتەجێن تیایدا و هەڵگری ناسنامەی باری شارستانین و رەگەزنامەیان پێ نەدراوە.
جـ- نیشتەجێ بووبێ لە عێراقدا بەشێوەیەکی یاسایی بۆ ماوەیەك لە دە ساڵ کەمتر نەبێ بە بەردەوامی بەر لە پێشکەشکردنی داوای رەگەزنامە.

د- دەبێ خاوەنی رەوشت و ناوبانگی باش بێت و فەرمانی تاوانبار کردنی بەسەردا نەدرابێ بە تاوان یا کەتنی ئابڕووبەر.

ە- پێویستە کە هۆکارێکی ئاشکرای بژێوی هەبێ.

و- پێویستە هەڵگری نەخۆشییە دەرمەکان نەبێت.

دووەم: رەگەزنامەی عێراقی نادرێت بە فەلەستینیەکان بۆ دابین کردنی مافی گەڕانەوەیان بۆ نیشتمانەکەیان.

سێهەم: بۆ مەبەستی پلانی نیشتەجێ کردنی دانیشتوان کە شێواندنی پێکهاتەی دانیشتوانی عێراقی لێ بکەوێتەوە.

چوارەم: چاوپێداخشاندنەوە دەکرێت لە تێکرا بڕیارەکانی پێدانی رەگەزنامەی عێراقی کە رژێمی پێشوو دەری کردووە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانیان.

مادەي/ 7

وەزیر بۆی هەیە رەزامەند بێت لەسەر پێدانی رەگەزنامەی عێراقی بۆ ئەو کەسەی عێراقی نەبێت و هاوسەرگیری کردبێت لەگەڵ ژنێکی بەرەگەز عێراقی ئەگەر ئەو مەرجانەی تیابێت کە لەمادەي/ 6ی ئەم یاسایەدا هاتووە کە نابێت ماوەی نیشتەجێ بوونی کەمتر بێت لە (5) ساڵ کە هاتووە لە برگەی (ج) لە بەندی یەکەم لەمادەي/ 6ی ئەم یاسایە لەگەڵ مانەوەی پەیوەندی ژن و مێردایەتیان.

مادەي/8

پێویستە لەسەر هەر کەسێ کە عێراقی بێت و رەگەزنامەی عێراقی پێدرابێ کە سوێندی دڵسۆزی بخوات بۆ عێراق لەبەردەم بەرێوەبەری رەگەزنامەی تایبەتمەنددا لە ماوەی نەوەد رۆژدا لەبەرواری ئاگادار کردنیەوە و بەعێراقی دادەنرێ لە بەرواری سوێند خواردنیەوە بەم سوێندەی خوارەوە:-

(سوێند بێ بە یەزدانی مەزن عێراق و سەروەریەکەی بپارێزم، و پابەند بم بە ئەرکی هاوڵاتی چاکەوە و پابەند بم بە دەقی دەستوور و ئەو یاسایانەی کە پێرەوی پێ دەکرێت و خودا ئاگادارە کە چی دەڵێم).

مادەي/ 9

یەکەم: ئەو کەسەی کە عێراقی نییە و رەگەزنامەی عێراقی پێدراوە بەشێوازی رەگەزنامە پێدان بەپێی حوکمەکانی مادەی (4، 5، 6، 7، 11) ی ئەم یاسایە ئەبێتە خاوەنی ئەو مافانەی کە عێراقیەك هەیەتی جگە لەوەی کە یاسای تایبەت بە دەری کردووە.

دووەم: ئەو کەسەی عێراقی نەبێت کە رەگەزنامەی عێراقی وەرگرتبێ بەشێوازی رەگەزنامە پێدان بەپێی حوکمەکانی مادەی ( 4، 5، 6، 7، 11)ی ئەم یاسایە بۆی نیە ببێتە وەزیر یا ئەندامی دەستەی پەرلەمان پێش تێپەر بوونی دە ساڵ لەسەر وەرگرتنی رەگەزنامەی عێراقي.

سێهەم: ئەو کەسەی کە عێراقی نەبێت رەگەزنامەی عێراقی وەرگرتبێ بەپێی حوکمەکانی مادەی (4،5،6،7،11)ی ئەم یاسایە بۆی نیە پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق و جێگرەکەی وەربگرێ.

چوارەم: ئەو عێراقییەی کە هەڵگری رەگەزنامەیەکی بەدەست هاتووە بۆی نییە پۆستی سەروەری یا ئاسایشی بەرز وەربگرێ تەنها مەگەر ئەو کاتەی دەست بەرداری ئەو رەگەزنامەیە بێت.

مادەي/ 10

یەکەم: ئەو عێراقییەی رەگەزنامەیەکی بیانی بەدەست هێناوە رەگەزنامە عێراقییەکەی پارێزراو دەبێت تا ئەو کاتەی کە بە نوسین رایبگەیەنێ کە دەستبەرداری رەگەزنامە عێراقییەکە دەبێت.

دووەم: دادگاکانی عێراق یاسای عێراقی جێبەجێ دەچەسپێنن بەرامبەر بەو کەسانەی هەڵگری رەگەزنامەی عێراقین لەگەڵ رەگەزنامەی وڵاتێکی بیانیدا.

سێهەم: ئەو عێراقییەی دەستبەرداری رەگەزنامە عێراقییەکەی بووبێت بۆی هەیە بەدەستی بێنێتەوە ئەگەر گەرایەوە بۆ عێراق لەرێگایەکی یاسایی و نیشتەجێ بوو تیایدا بۆ ماوەیەك کە

کەمتر نەبێت لە ساڵێك، وە وەزیر بۆی هەیە وای دابنێ پاش تێپەڕ بوونی ئەو ماوەیە ئەو کەسە ڕەگەزنامەی عێراقی بەدەست هێناوەتەوە لە بەرواری گەڕانەوەیەوە وە سودمەند نابێ لەم مافە تەنها بۆ یەك جار نەبێ.

مادەي/ 11

ئەو ژنەی کە عێراقی نەبێ و هاوسەرگیری کردبێ لەگەڵ کەسێکی عێراقی بۆی هەیە ڕەگەزنامەی عێراقی وەربگرێ بەم مەرجانەی لای خوارەوە:-

أ - پێشکەش کردنی داواکاریەك بۆ وەزیر.
ب -تێپەڕ بوونی ماوەی پێنج ساڵ بەسەر شووکردنیدا و نیشتەجێ بوونی لە عێراقدا.
جـ- بەردەوام بوونی پەیوەندی هاوسەرگیری هەتا بەرواری پێشکەش کردنی داواکاریەکە و بەدەر دەبێت لەمە ئەو ژنەی تەڵاق درابێ یان مێردی مردبێت یا منداڵی هەبێت لەو مێردەی لێ جیابۆتەوە یا مردووە.

مادەي/12

ئەگەر ژنێکی عێراقی هاوسەرگیری کردبێت لەگەڵ کەسێك کەعێراقی نەبێت وە ڕەگەزنامەی مێردەکەی وەرگرتبێ ئەو ژنە ڕەگەزنامەی عێراقییەکەی لەدەست نادات مەگەر خۆی بە نوسین ڕایبگەیەنێت کە دەستبەرداری ڕەگەزنامە عێراقییەکەی دەبێت.

مادەي/ 13

ئەگەر هاتوو ژنێکی عێراقی وازی لە ڕەگەزنامە عێراقییەکەی هێنابێ بەپێی حوکمەکانی بەندی (سێهەم) لە مادەی (10)ی ئەم یاسایە مافی گەڕانەوەی ڕەگەزنامە عێراقییەکەی هەیە بەم مەرجانەی لای خوارەوە:-

یەکەم: ئەگەر مێردەکەی عێراقی نەبوو وە ڕەگەزنامەی عێراقی وەرگرت، یا ئەگەر شووی کرد بە کەسێك کە خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بوو ئەوا ڕەگەزنامە عێراقییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە لەبەرواری پێشکەش کردنی داواکارییەوە بۆ ئەو مەبەستە.

دووەم: ئەگەر مێردەکەی کۆچی دوایی کرد یا تەڵاق درا یا گرێبەستی هاوسەرگیریەکەی هەڵوەشایەوە ئەوا ڕەگەزنامەکەی بۆ دەگەڕێتەوە لە بەرواری پێشکەش کردنی داواکاریەك بۆ ئەوە. بە مەرجێك لە عێراقدا بێت کاتی پێشکەش کردنی داواکاریەکە.

ماددەي/14

یەکەم: ئەو کەسەی عێراقی نەبێت وە ڕەگەزنامەی عێراقی بەدەست هێنابێ منداڵە ناکامەکانی ئەبن بە عێراقی بە مەرجێ نیشتەجێی عێراق بن لەگەڵ خۆیدا.

دووەم: ئەگەر کەسێکی عێراقی ڕەگەزنامە عێراقییەکەی لەدەست دا ئەوا منداڵە ناکامەکانی بە دوای خۆیدا لەدەستی دەدەن وە بۆیان هەیە ڕەگەزنامەی عێراقیان بۆ بگەڕێتەوە لەسەر خواستی خۆیان ئەگەر گەڕانەوە بۆ عێراق و تیایدا نیشتەجێ بوون بۆ ماوەی ساڵێك و بەعێراقی دادەنرێن لە بەرواری گەڕانەوەیانەوە وە سوودمەند نابن لە حوکمەکەی ئەو بەندە منداڵی ئەو عێراقیانەی ڕەگەزنامەی عێراقیان لێ سەندراوە بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە/1ی ساڵی 1950 و یاسای ژمارە 12ی ساڵی 1951.

مادەي/ 15

وەزیر بۆی هەیە ڕەگەزنامەی عێراقی بکێشێتەوە لەو کەسەی کە عێراقی نەبن وە ڕەگەزنامەی بەدەست هێنا ئەگەر دەرکەوت هەڵسابێت یا هەوڵی دابێ هەڵسێت بەکارێك کە مەترسی هەبێ لەسەر ئاسایشی دەوڵەت و سەلامەتی یا زانیاری چەوتی دابێت سەبارەت بە خۆی یا خێزانەکەی لەکاتی پێشکەش کردنی داواکاریدا بە هۆی دەرچوونی بڕیارێکی دادوەری کە پلەی کۆتایی وەرگرتبێ بەرامبەر بە خۆي.

مادەي/ 16

ئەو عێراقیەی ڕەگەزنامەی عێراقی نەمابێت ئەستۆپاك نابێت لەو ئەرکە داراییانەی لە ئەستۆیدا بووە پێش لەدەست دانی ڕەگەزنامە عێراقییەکەي.

مادەي/ 17

بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) ژمارە/ 666 ساڵی 1980 هەڵدەوەشێتەوە. وە ڕەگەزنامەی عێراقی دەگەڕێتەوە بۆ هەر عێراقییەك ڕەگەزنامە عێراقییەکەی لەکار خرابێ بەپێی ئەو بڕیارە وە تێکڕای ئەو بڕیارە ستەمکاریانەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) دەریکردوون بۆ ئەو مەبەستە.

مادەي/ 18

یەکەم: هەر عێراقییەك ڕەگەزنامە عێراقییەکەی لەکار خرابێ بە هۆکاری ڕامیاری یان ڕەگەزپەرستی یان خێڵەکیەوە بۆی هەیە بە دەستی بهێنێتەوە بە پێشکەش کردنی داواکارییەك بۆ ئەو مەبەستە و لە حاڵەتی کۆچی دوایی کردنیدا ئەو منداڵانەی ڕەگەزنامەی عێراقیان لەدەست داوە بۆیان هەیە بەپێی شوێنکەوتنی باوکیان یان دایکیان داواکاری پێشکەش بکەن بۆ گەڕانەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی بۆیان.

دووەم: سوودمەند نابێت لە حوکمی بەندی (یەکەم) لەم مادەیە ئەو عێراقییەی ڕەگەزنامەی عێراقی نەمابێ بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە ( 1) ساڵی (1950) وە یاسای ژمارە ( 12) ساڵی (1951).

مادەي/ 19

دادگا کارگێڕیەکان تایبەتمەند دەبن لەو داوایانەدا کە لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایەوە بەرپا دەبن.

مادەي/ 20

هەر یەکە لە داواکارانی (رەگەزنامە وەرگرتن) وە وەزیر سەرەڕای فەرمانەکەی بۆی هەیە تانە بدات لە بڕیاری دادگا کارگێریەکان لەبەردەم دادگای فیدرالیدا.

مادەي/21

یەکەم: یاسای رەگەزنامەی عێراقی ژمارە (43) ساڵی 1963 هەڵدەوەشێتەوە وە ئەو ڕێنماییانەی بەپێی ئەو یاسایە دەرچووە لەجێبەجێ کردندا دەمێنێتەوە بە جۆرێك کە هاودژ نەبێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا تا کاتی دەرچوونی ڕێنمایی جێگیرە وە بۆی هەیە کە هەڵیبوەشێنێتەوە.

دووەم: یاسای پێدانی رەگەزنامەی عێراقی بۆ عەرەب ژمارە/5 ساڵی 1975 هەڵدەوەشێتەوە بەکاریگەری بەرەو پێش تەنها لە حاڵەتاندا نەبێ کە ببێتە هۆی بێ رەگەزنامەیي.

سێهەم: یاسای رەگەزنامە و زانیاری شارستانی ژمارە/46 ساڵی 1990 (کە نەخرایە بواری جێبەجێ کردن) هەڵدەوەشێتەوە.

چوارەم: هەموو دەقێك هاودژ بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە هەڵدەوەشێتەوە. وەزیر ڕێنمایی دەر دەکات بۆ ئاسان کردنی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

(هۆکارەکانی پێویست بووني)

لە پێناوی یەکخستنی حوکمە تایبەتیەکانی رەگەزنامەی عێراقی وە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەقانەی پەیوەستن بە لەکارخستنی رەگەزنامەی عێراقی بۆ ئەو عێراقیەی رەگەزنامەیەکی بیانی بەدەست هێناوە وە بواردان بەو عێراقییەی رەگەزنامە عێراقییەکەی بە زۆرەملی لێ سەندراوەتەوە کە وەری بگرێتەوە بەپێش شێوازە بنەڕەتییەکان وە بۆ مەبەستی پەیوەند کردنی عێراقی بە نیشتمانەکەیەوە لە هەر شوێنێکدا بێت لەهەر پارچەیەکی ئەم جیهانەدا و هاندانی بۆ وابەستەبوون بە خاکی عێراقەوە سەرەڕای بەدەست هێنانی رەگەزنامەیەکی تر و، لەبەر ئەمانە ئەم یاسایە دانرا.15

* * *

یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی کەلەسەرەوە هاتووە دەرکراوە بڵاوکراوە لەڕۆژنامەی وەقائیعی عێراقی بەژمارەی /4019وخرایە بواری جێ بەجێ کردنەوە لەبەرواری بڵاوکردنەوەیەوە لە 2006/3/7 دابەوپێیە بەم شێوەیە ی خوارەوە کاری پێ دەکرێ:

1-معامەڵەی بەدەست هێنانی ڕەگەزنامەی عێراقی وەگەردەخرێت بەپێی حوکمەکانی ماددەی (3/أ) لەم یاسایە لەلایەن ئیوەوە وەبەپشت بەستنی بەڕەگەزنامە (باوك یان دایك). ئەوش بەڕێکخستنی فۆڕمی ژمارە (1) ی داواکار و ووتەکانی وەردەگێری و دەنوسرێ و هەروەها

ووتەی دایکی یان باوکی (ئەگەر داواکار ویستی ڕەگەزنامە بەدەست بهێنێ بەپشت(بەستنی بەڕەگەزنامەکەی ئەو ) وەپەیوەندیان بەیەکەوە دەبەسترێ بەپێ ی پێناسەی باری شارستانی .

2-ئەگەر داواکار تۆمار نەکرابوو لەئاماری ساڵی 1957 دا وەرەگەزی دایکی عێراقی بوو ووتەی خۆی ودایکی دوو شایەت وەردەگیرێ بۆبەستنی پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ ناردنی تۆماری دایکی وەهەموو ئەوکەسانەی لەگەڵیداتۆمار کراون بۆساڵی 1957 ومامەڵەکە دەنێرێت بۆبەڕێوەبەرایەتیمان بۆمەبەستی دەرکردنی بڕیاری دانانی بەعێراقی بەوماددەی لای سەرەوە بۆئەوەی تۆماربکریچت لەتۆمارەکانی ئاماری ساڵی 1957 دا لەپاشدا ڕەگەزنامەی پێ دەدرێت لەلایەن خۆتانەوە

3-لەکاتێکدا ئەگەر باوك یان دایك ڕەگەزنامەی عێراقی بەدەست نەهێنانی ئەواووتەی داواکار وەردەگیرێت لەگەڵ ووتەی باوکی و دوو شایەت و موختاری گەڕەك بەپێ ی نموونەی ووتەوەرگرتن .

کە هاوپێچ کراوە لەگەڵ هێنانی (ناردنی ) وێنەی تۆماری باوکی و دایکی لەگەڵ تەواوی بەڵگەنامە فەرمیەکان کەلەلایەتی بۆئیمەوە ڕەوانە دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ڕەگەز نامەبۆتێ ڕوانین .

4-بەڵام سەبارەت بەبڕگەی (ب) ی لەماددەی ( 3) ی لەم یاسایە ئەم ڕیوشوینانەی لای خوارەوە دەگیرێتەبەر .

أ- نووسینەوەی ووتەی داواکار بۆئاشکراکردنی شوێنی لە دایکبوونی و سەربەوێبونی وشوێنی لەدایکبوونی باوکی ودایکی و سەربەوێبونی (رعویتها).

ب- ناردنی وێنەی تۆماری داواکار بۆساڵی 1957 ، بەڵام ئەگەر تۆمارنەکرابوو لەساڵەدا ئەوا دەچنەسەر ناردنی هەر بەڵگەنامەیەکی فەرمی کەدەگەڕیتەوە بۆئەویان باوکی یا دایکی .

ج- ڕێکخستنی فۆرمی ژمارە (1) بۆداواکار.

د- مامەڵەکە ڕەوانەدەکرێت بۆبەڕێوەبەرایەتی کاروباری ڕەگەزنامە بۆدەرکردنی بڕیار لەسەری .

ئەوداواکارەی بڕگەکانی ( 2، 3، 4) ی لای سەرەوە دەیانگرێتەوە پیان ڕادەگەیەنرێت بۆهێنانی بەڵگەنامە ڕەسەنەکان کە ئەویش (ڕەگەزنامەی عێراقی ، پێناسەی باری شارستانی ، کارتی نیشتەجێ بوون ، کارتی خۆراك) لەکاتی سەردانیدا.

5- بەڵام سەبارەت بەماددەی (4) ی ئەم یاسایە ، ئەم ڕیکارانەی لای خوارەوە دەگیرێتەبەر :

أ- پێش کەش کردنی داوای دەستکەوتنی ڕەگەزنامەی عێراقی ، دەدەبێت لەماوەی ساڵێکدا لەبەرواری تەمەنی یاسایی .

ب-ئەگەر هات کۆسپێکی سەخت بوبە ڕێگری لە پێشکەش کردنی داواکار بۆبەدەست هێنانی ڕەگەزنامەی عێراقی لەماوەی ساڵێك لەتەمەنی یاسایی دەبێت ئەو هۆیە سەختە بنووسێت لەووتەکانیدا.

جـ- ناردنی وێنەی تۆماری ساڵی 1957، وئەگەر تۆمارنەبوو لەم ساڵەدا ، دەتوانی هەربەڵگەنامەیەکی بهێنێ کەبیسەلمێنێ کەلەدەرەوەی عێراق لەدایکبووە (بەڵگەنامەی لەدایکبوونی فەرمی مۆرکراو ، پاس پورت).

د- تۆمارکردنی ووتەی داواکار بەشێوەیەکی فراوان بۆئاشکراکردنی شوێنی لەدایکبوونی باوکی وچاودێریەکەی وئەنجامی باوکی وناوی دایکی وبەشێوەیەکی تەواوەتی ڕەگەزنامەکەی .

هـ- نووسینەوەی ووتەکانی دایکی لەسەر پەیوەندارییان لەگەڵ وێنەیەکی کۆپی کراو لەڕەگەز نامەکەی دایکی وتۆماری ساڵی 1957 هەموو شی کردنەوەیەکی تیادا ئاشکرابکرێ .

و- ناردنی شوێنی مانەوەی بە تەواوەتی .

ز-ناردنی نامەی کارەکانی بە سێ وێنە .

معامەلەکە بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە بۆ تێڕوانینی بەپێی ئەحکامی ماددەی سەرەوە .

6-ماددەی (پێنجی ) ئەم یاسایە ،ئەم ڕێوشوینانەی لای خوارەوە دەگیرێتە بەر :

أ-داوایەك ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆ دەکات بۆ بەدەست هێنانی ڕەگەزنامەی عێراقی و پێشکەشی بەڕێوەبەری ڕەگەزنامە دەکرێ و ئیمزا کرابێ لەلایەن داواکارەوە .

ب-نووسینەوەی ووتەکانی داواکار وە باوکی بە پێی نموونەی ووتە وەرگرتنی هاوپێچ .

ج-ناردنی وێنەی تۆماری داواکار ساڵی 1957 ، و ئەگەر تۆمار نەبوو لەم ساڵەدا دەبێ بەڵگەنامەی فەرمی بهێنێ کە مێژوو شوێنی لەدایك بوونی بسەلمێنێ لەگەڵ هێنانی تۆماری باوکی بۆ ساڵی ناوبراو .

د-ڕێکخستنی نامەی کارەکانی بە سێ وێنە .

ە-معامەلەکە دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ڕەگەزنامە بە نووسراوێکی فەرمي.

7-مادده‌ی (شه‌شه‌م) برگه‌ی (یه‌كه‌م) له‌م یاسایه‌ ، ئه‌م ڕێكارانه‌ی لای خواره‌وه‌ ده‌گیرێته‌ به‌ر:

أ-داوایه‌كی ئاڕاسته‌ی وه‌زیری ناوخۆبكرێ بۆ به‌ده‌ست هێنانی ڕه‌گه‌زنامه‌ی عێراقی و پێشكه‌ش به‌ڕێوه‌به‌ری ڕه‌گه‌زنامه‌ بكرێ و ئیمزاكرابێ له‌لایه‌ن داواكاره‌وه‌ .

ب-نووسینی ووته‌كانی به‌ پێی نموونه‌ی هاوپێچ .

ج-ئه‌وكه‌سانه‌ی له‌عێراقدا له‌دایك بوون پێویست ناكات به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی مانه‌وه‌ ئاگادار بكرێت و هه‌روه‌ها ئه‌وانه‌ی ماونه‌ته‌وه‌ تیایدا و پێناسه‌ی شارستانێتیان به‌ده‌ست هێناوه‌.

د-به‌ڕَێوه‌به‌رایه‌تی مانه‌وه‌ ئاگادار بكرێنه‌وه‌ بۆ ناردنی ته‌واوی مانه‌وه‌ی ڕێ پێدراوی یاسایی (له‌ ده‌ ساڵ كه‌متر نه‌بێت) پێش وه‌ختی داواكردنی كه‌سانێ كه‌ به‌ده‌ر له‌وانه‌ی بڕگه‌ی (ج) ی سه‌ره‌وه‌ ده‌یانگرێته‌وه‌ .

ه-ناردنی وێنه‌ی تۆماری ساڵی 1957 یا پێناسه‌ كۆنه‌كانیان بۆ ساڵانی 1934/ 1947 .

و-ئاگادار كردنه‌وه‌ی به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی تۆماری تاوان بۆ ئاشكرا كردنی ئه‌گه‌ر سزا درابێ به‌ تاوان یان كه‌تنی ئابڕووبه‌ر.

ز-ئاشكراكردنی پیشه‌ی ئێستای .

ح-ناردنی ڕاپۆرتێكی پزیشكی كه‌ له‌ نه‌خۆشخانه‌یه‌كی فه‌رمی ده‌رچووبێ و پشتگیری ئه‌و بكات كه‌ هیچ نه‌خۆشییه‌كی گواستراوه‌ی نییه‌ و ناردنی معامله‌كه‌ی بۆ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیمان به‌ نووسراوێكی فه‌رمی به‌ ده‌ستی خاوه‌نییه‌وه‌ .

به‌ڵام سه‌بارەت به‌ برگه‌ی (دووه‌م) له‌م یاسایه‌ ، ئه‌گه‌ر داواكار فه‌له‌ستینی بوو و ڕه‌گه‌زنامه‌ی دایكی عێراقی بوو ، ئه‌حكامی مادده‌ی (3/أ) له‌م یاسایه‌ نایگرێته‌وه‌ .

وه‌ پشت به‌ستن به‌ ده‌قی ئه‌م برگه‌یه‌و كه‌ تیایدا هاتووه‌ ( ڕێگه‌ نادرێت به‌ پێی دانانی ڕه‌گه‌زنامه‌ی عێراقی به‌ فه‌له‌ستینییه‌كان بۆ پاراستنی مافی گه‌ڕانه‌وه‌یان بۆ نیشتمان).

8-مادده‌ی حه‌وته‌م له‌م یاسایه‌ ، ڕێوشوینی هه‌مان مه‌رجه‌كانی مادده‌ی شه‌شه‌م ی ناوبراو له‌برگه‌ی (7) ی سه‌ره‌وه‌ له‌گه‌ڵ ناردنی وێنه‌یه‌كی له‌ گرێ به‌ستی ژن و مێردایه‌تی وه‌ وێنه‌یه‌ك له‌ ڕه‌گه‌زنامه‌ی هاوسه‌ره‌كه‌ی و نووسینه‌وه‌ی ووته‌كانی كه‌ به‌رده‌وامه‌ له‌ په‌یوه‌ندی ژن و مێردایه‌تی له‌ نێوانیاندا ، و مه‌رجی مانه‌وه‌یان لێره‌دا پێنج ساڵه‌.

9-مادده‌ی یازده‌ له‌م یاسایه‌ ، ئه‌م ڕێكارانه‌ی لای خواره‌وه‌ ده‌گێرێته‌به‌ر:

أ-داوایه‌ك بۆ به‌ده‌ست هێنانی ڕه‌گه‌زنامه‌ی عێراقی له‌لایه‌ن داواكاره‌وه‌ ئاڕاسته‌ی وه‌زیری ناوخۆبكرێت و پێشكه‌ش به‌ڕێوه‌به‌ری ره‌گه‌زنامه‌ بكرێ.

ب-نووسینه‌وه‌ی ووته‌كانی له‌گه‌ڵ مێرده‌كه‌ی به‌ پێی ئه‌و نموونه‌ی كه‌ هاوپێچه‌.

ج-ناردنی وێنه‌یه‌ك له‌ گرێ به‌ستی ژن و مێردایه‌تی په‌سه‌ند كرابێ له‌لایه‌ن دادگای تایبه‌ت .

د-ئەگەر جیا بووبێتەوە یان مێردی کۆچی دوایی کردبێ و ئەگەر هات و منداڵێکی هەبوو لەو مێردەی کە جیابۆتەوە لێی یا کۆچی دوایی کردبێ ، دەبێ وێنەیەك لە گرێ بەستی جیا بوونەوەی یا بەڵگەنامەی کۆچی دوایی مێردەکەی بهێنێ لەگەڵ تۆماری ساڵی 1957 ی منداڵەکەی .

ە-ناردنی تەواوی مانەوەی ، و پێویستە پێنج ساڵ تێ پەڕبێ بەسەر ژن و مێردایەتی و مانەوەی لە عێراقدا .

و-ناردنی وێنەیەك لە ڕەگەزنامەی مێردەکەی .

ز- ناردنی وێنەی تۆماری ساڵی 1957 ی خۆی و مێردەکەی و منداڵەکەی و ئەگەر تۆمار نەکرابوو لە ساڵی 1957 دەبێ هەر بەڵگەیەکی فەرمی خۆی وبەڵگەی لەدایك بوونی منداڵەکەی بهێنێ.

گشتاندن :

لەبەر دەرچوونی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە /26 ی ساڵی 2006 و ئەو گشتاندنەی پێشو کەدەرچووە لەسەر ڕۆشنایی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە / 43 ی ساڵی 1963 (هەڵوەشاوە) بەپێچەوانەی ئەحکامی ئەم یاسایەی سەروەدایە ، لەبەرئەوەدەبێ ئەمەی لای خوارەوە جێ بەجێ بکرێت :

1 -ئەوڕیوشوینانەی پێویستەڕێنمایی بکرێ بۆبەدەست هینانی ڕەگەزنامەی عێراقی پشت بەستنی بەڕەگەز نامەی باوك یا دایك ئەمەیە :
أ-ڕێکخستنی فۆڕمی ژمارە (1) ی بۆداواکار .

ب-نووسینەوەی ووتەکانی ووتەی باوکی لەسەر خودی فۆڕمەکە ، ولەکاتی کۆچی دواییان ووتەی دوو شایەت دەنوسرێتەوە کەپەیوەندیان پێوەیانەوە هەبێ .

ج-پەیوەندی دەبەسترێ لەنێوان پێناسەی باری شارستانیەتیانەوە .

د- وێنەیەك لە (ڕەگەزنامەی عێراقی ، پێناسەی کۆپی کراوی باری شارستانیی داواکارو باوکی و دایکی ، پسوولەی

جێ نشینی وپسوولەی خۆراکی ) دەبەسترێت پێوەی .

2- ئەوکەسەی کەڕەگەزنامەی عێراقی پێ بەخشرابێ بەپێ ی ئەحکامی ماددەی ( 3/أ) لەم یاسایەی جێ بەجێ کراو پشت بەستن بەڕەگەزنامەی دایکەوە ئەوبرایەی لەباوکەوەیە نابێت ڕەگەزنامەی پێ ببەخشرێ لەبەرئەوەی دایکییان جیایە، لەبەرئەوەی لەلایەن باوکەوە بران بەڵکوبرانین.

3- پشت دەبەستریَ بەبڕیاری سەلماندنی چاودێرکراوان کەدەرچووە بۆئەوانەی کۆچی دواییان کردوە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانتان بۆبەخشینی ڕەگەزنامەی عێراقی بۆمنداڵەکانیان .

4- ئەوژنەعێراقیەی شووی کردوە بەبیانی یان عەرەبی وەهەروەها بێوەژن یان تەڵاقدراو (چ مێردەکەی لەناو عێراقدا بێ یائەنجامی وونبێ ) ڕەگەزنامەی عێراقی پێ دەبەخشریَ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانتان پشت بەستنی بەڕەگەزنامەی باوکی یا دایکی یایەکێ لەبراکانی وپێویست ناکات . بەداواکردنی ڕەگەزنامەی مێردەکەی ئەگەر لەبەردەستانەبوو .

5- ئەوژنەعێراقیەی کەپێشتر ڕەگەزنامەی عێراقی پێ بەخشرابێ کاتێ کچ بوو (پێش شووکردنی ) وپاش ئەوشووی کردبێ ڕەگەزنامەی مێردەکی لەهەرکوێ بێت . چ ڕەگەزنامەکەی عێراقی بێت یابیانی یاعەرەبی . ڕەگەزنامەی عێراقی پێ دەبەخشریَ (لەجیاتی فەوتاو یاوونبوو) وەپێویست ناکات بەئامادەبوونی مێردەکەی وهەروەها داوای ڕەگەزنامەی عێراقی مێردەکەی داواناکریَ یاهەربەڵگەیەکی کە ، تەنها ئەوبەسەکە ووتەکانی دیاری بکریَ .

6- معامەلەی ڕاستکردنەوەی نازناو لەدەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیەکانتانە بەپێ ی نووسراومان ژمارە / 3236 لە 2006/4/3 وەهریەکێ لەبەڕێوەبەری کۆچ کردن و ڕەگەزنامە و بەڕێوەبەری کاروباری ڕەگەزنامە لەپارێزگا ڕێیان پێ دراوە کەئیمزای ڕەگەزنامەی عێراقی بکەن. وبۆیان هەیە کەڕای خۆیان بدەن سەبارەت بەڕاست کردنەوەی نازناو .

7- هەموومامەڵەیەکی جگە لەعێراقیەکان ئەکریَ وریکاری مامەڵەکانیان کۆتایی پێ دێت بەپێ ی ئەوگشتاندنەی کەڕوونمان کردوتەوە بەژمارەی /1162لە 2006/3/27بە برگەکانی

(5، 6 ،7 ، 8، 9 ) ومامەڵەکانیان دەنێریت بۆبەڕێوەبەرایەتیمان بۆتێڕوانینی بەپێ ی ئەوەی هاتوە لەم یاسایەدا.

8- دەبێ منداڵ ڕەگەزنامەی عێراقییان پێ دەبەخشریَ بەپشت بەستنی بەڕەگەزنامەی باوکی کەچووە بۆدەرەوەی عێراق یائەنجامی نادیارە ودەبێ پەیوەندی ببسرێت بەپێناسەی باری شارستانیەوە ووتەی مام یا برای باوکی یادوو شایەت بنووسرێت.

9- نابێت ڕەگەزنامەی عێراقی ببەخشرێت بەقەرەج لە بەڕێوەبەرایەتیەکانتان، بەڵکو ڕێوشوینی معامەلەکانیان تەواودەکرێت بەپێ ی ئەو ڕێنماییانەی پێشوو کەئاگادار کراونەتەوە ومعامەلەکانیان دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتیمان بۆتێ (تێڕوانین) تیایدا .

10- ئەوژنەی کەعێراقی نیە ورەگەزنامەی مێردە عێراقیەکەی بەدەست هێناوە وەبوەبەخاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی ومێردەکەی لیَ جیابۆتەوە یا کۆچی دوایی کردوە پاش بەدەست هێنانی ڕەگەزنامەی عێراقی ، نابێت ڕەگەزنامەی عێراقی لیَ بسەنرێتەوە (لیَ بکێشرێتەوە) وەڕوونی دەکەینەوە کەلێَ کێشرانەوەی یاخۆد لیَ سەندنەوەی

ڕە گەزنامەی عێراقی لەجگەلەعێراقی دەبێت بەپێ ی حوکمی ماددەی ( 15)ی یاسابێت وئەو دەقەی لەسەری :

(وەزیربۆی هەیە ڕەگەزنامەی عێراقی بسەنێتەوە (بکێشێتەوە) لەوانەی عێراقی نین وبەدەستیان هێناوە ئەگەرسەلما کە هەڵساوە یاهەوڵی هەڵسان بەکارێکی بەسامناك دەژمێرێ لەسەرئاسایش وئاشتی دەوڵەت یاخود زانیاری هەڵەی پێشکەش کردبێ لەسەرخۆی یاخێزانی کاتی پێشکەش کردنی داواکاری کاتی دەرچوونی بریارێکی دادگا بەمافێك کەپلەی یەکلاکەرەوەی وەرگرتبێت).

11- هاوپێچ لەگەڵی وێنەیەکی لەکۆنوسی لیژنەی ڕەگەزنامەی ژمارە / 1136لە 2006/4/12دا دەنرێت بۆتێڕوانین لەوەی کەهاتوەتیایدا وتایبەتەبە دووبارە پیادا چونەوەی بەومۆری کەڕەگەزنامەکانی عێراقی پێ مۆر دەکرێ بۆجیاکردنەوەی لەهی کە وبەمە ئەم مۆرە لادەبرێ (هەڵدەوەشێتەوە).

12-ئەگەر بەرواری سوێندخواردنی یاسایی نەنوسرێت یا بەرواری نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ لەسەر خودی ئەوڕەگەزنامەیە دەنێرێت بۆبەڕێوەبەرایەتیمان بەمەبەستی چەسپاندنی وەدەگەڕێنرێتەوە بۆتان بۆپێدانی یا (بەخشینی ) ڕەگەزنامەی عێراقی بەمنداڵەکان .

13- هاوپێچ وێنە لەبڕیارەکانی سەرکردایەتی شۆڕش (هەڵوەشاوە) دەنێرێت ژمارەیان 944ساڵی 1986و 329ساڵی 1984و 363ساڵی 1986و 180ساڵی 1980.

(تەنها بۆئاگاداریتان لەناوەرۆکیان).

14-هاوپێچ لەگەڵیدا نوسخەیەك لە یاسالی ژمارە (1) ی ساڵی 1950 و یاسای ژمارە(12) ی ساڵی 1951(تەنها بۆئاگاداریتان لەناوەرۆکیان).

16-معامەلەی وەرگرتنی رەگەزنامەی عێراقی بۆ ئەو داواکراوەی کە دەخوازێت وەری بگرێت بە پشت بەستن بە رەگەزنامەی دایکی ئەنجام دەدرێت و بەوەی کە ئەو لە لە سڵی 1957 دا تۆمار نەکراوە و باوکی (عێراقی نیە) عەرەبە یا بیانیە و وتەی داواکراو و دایکی وەردەگیرێت و کۆپیەك لە رەگەزنامە عێراقیەکەی پێشکەش دەکرێت یا هەر بەڵگەنامەیەکی فەرمیی تر کە هی داواکراو بێت(رونکردنەوەی لە دایکبوون،پاسپۆرتی بیانی) و معامەلەکەی دەنێردرێت بۆ بەریوەبەرایەتی رەگەزنامە و،بریارێك دەردەکرێت بە دانانی بە عێراقی بە مادەی (3-ا)ی یاسای کارا و معامەلەکەی دەگرێنرێتەوە بۆ ئێوە بۆ تۆمارکردنی لە

تۆمارەکانی باری شارستانی بۆساڵی 1957 وپێدانی یا (بەخشینی) پێناسەی باری شارستانیەت وڕەگەزنامەی عێراقی لەلایەن خۆتانەوە .

16-ئەوکەسانەی کەپێشتر ڕەگەزنامەی عێراقیان پێ بەخشراوە بەپێ ی ئەحکامی ماددەی (2/4) و (3/4) ی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە/ 43ساڵی 1963

هەڵشاوە . ئەگەر دەركەوت ئەوان بران باش بەدەست هێنانی ڕەگەزنامەكە لەم كاتەدا معامەلەیەكیان بۆڕێك دەخەن كە بریتیە لەووتەكانیان بە تەواوەتی لەگەڵ ووتەی براكانی كەخاوەنی ڕەگەزنامەن و شایەتی د وو شایەت وبەستنی تۆماری ساڵی 1957 وئەو بەڵگەنامانەی پێوە ودەنێرێت بۆبەڕێوەبەرایەتی كاروباری ڕەگەزنامەبۆ

تێ ڕوانینیان .

17- ئەوژنەی كەعێراقی نیە (بیانی یەو مێردی عێراقیە) وشووی كردووەبە خاوەن ڕەگەزنامەی عێراقی وپێناسەی باری شارستانیی هەیە وتۆمارە لەساڵی 1957 لەم كاتەدا سوود لەئەحكامی ماددەی ( 11) لەیاسا ولێ بوردنی هەیە بۆمانەوەی ماوەی (پێنج ساڵ) لەبەرئەوەی بەدەرە لەبڕگەی (ب) كەهاتوە لە ماددەی (6) لەیاسای جێ بەجێ كراو لەسەریەتی معامەڵەكەی بەڕێ بكات بەپێ ئەو گشتاندنەی كەڕوونمان كردەوە لەگشتاندنی ژمارە 1162 لە 2006/3/27 ومعامەلەكەی دەنێرێت بۆبەڕێوبەرایەتیمان بە مەبەستی خستنەڕووی لە وەزارەتی ناوخۆ .

18-گشت ئەوكەسانەی كەڕەگەزنامەعێراقیان بەدەست هێناوە بەپێ ی ئەحكامی ماددەی ( 8/أ) لەیاسای ژمارە 42ساڵی 1924 هەڵوەشاو ( 3/أ) و (2/3) و (1/4)ی یاسای ژمارە 43ساڵی 1963 هەڵوەشاو بەوپێیەی كەڕەگەزیان عێراقیە و شوێنی لەدایكبوونیان یالەدایكبووی باوكیان لەخۆدی ئەم ڕەگەزنامەكانی (توركیا) مامەڵەی پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقیان بۆبەڕێ دەكرێ لەلایەن خۆتانەوە .

20-ئەوكەسانەی كەداوا پێشكەش دەكەن بۆبەدەست ناردنی ڕەگەزنامەی عێراقی بەپشت بەستنی بەڕەگەزنامەی باوكیان كەلەڕەگەزی عیراقین و معامەلەی منداڵەكانیان بەڕێ دەكرێ لەلایەن خۆتانەوە .